شێوه‌کار مه‌ریوان مام دارا:

له‌ناو ئه‌م ته‌پ و تۆزه‌ی گه‌رمیاندا هێشتا شتی جوان هه‌یه

چاوپێکه‌وتن: لاپه‌ره‌ی ئه‌ده‌ب و هونه‌ر

نشونمای هونه‌ری شێوه‌کاری له‌گه‌رمیانداو به‌تایبه‌تی که‌لار، هه‌رچه‌ند مێژویه‌که‌ی زۆر دوور نیه به‌لام ده‌توانین بڵێین رابردوویه‌کی جوان و ئاوێته به جوانکاری و داهێنانی هه‌یه، هه‌رچه‌نده ئێستا وه‌ستانێکی فراوان ده‌بینرێ له بواره‌که‌دا.

مه‌ریوان مام دارا، یه‌ك له‌و شێوه‌کاره گه‌رمیانیانه‌یه که جێ فلیچه‌و داهێنانی دیارو جێ بایه‌خه، دوای ته‌واوکردنی یه‌یمانگای هونه‌ره‌جوانه‌کانی سلێمانی به‌رده‌وام ده‌بێ و دوای گیرسانه‌وه‌شی له وڵاتی بریتانیا یه‌ره‌ی زیاتر به‌هونه‌ره‌که‌ی ده‌دات.

– ئاینده‌ی گه‌رمیان: سه‌ره‌تای نشونمای هونه‌ری لای تۆ ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ که‌ی؟

مه‌ریوان: من له‌پێش ئه‌وه‌ی سه‌ره‌تایی ته‌واو بکه‌م زۆر حه‌زم له‌وێنه ئه‌کرد، له‌بیرم دێ یه‌که‌م مامۆستای وێنه‌م مامۆستا حسێن بوو له قوتابخانه‌ی ئێستا(له‌یلاقاسم) ئه‌وکاته (رساله) بوو ناوێکی عه‌ره‌بی هه‌بوو له‌وێ مامۆستا زوو زوو منی هه‌ڵده‌ساند له‌به‌رئه‌وه‌ی من وێنه‌م له‌وان تر جوانتربوو. باسی پۆلی دووی سه‌ره‌تایی ئه‌که‌م یه‌کێك له‌و که‌سانه زۆر پاڵپشتم بوو بۆئه‌وه‌ی نشونمای هونه‌ریم باش بێت له‌هه‌موو بنه‌ماڵه‌که‌ماندا ته‌نها باوکم بووه، باوکم جگه له‌وه‌ی خۆی سه‌رگه‌وره‌و باوکم بووه هاوڕێم بوو هه‌ر هاوڕێشمه، له‌بیرم دێ باوکم سه‌ربازبوو له سوپای عێراقدا ئه‌گه‌ر به‌مۆڵه‌ت بهاتبایه‌ته‌وه مه‌وادی هونه‌ری بۆم ئه‌هێنایه‌وه له‌پاستیل و ئه‌لوانی ئاوی و زه‌یتی و یارمه‌تی ئه‌دام تا ئه‌وه‌نده من توانیم په‌ره به ئیشه‌که‌ی خۆم بده‌م ئیتر که خۆم ناسیویه‌وه وونم من پێویسته په‌یمانگای هونه‌ره‌جوانه‌کان ته‌واو بکه‌م، نه‌متوانی بچم ئاماده‌یی بخوێنم به‌لام خۆم وام به‌باش زانی په‌یمانگای هونه‌ره‌جوانه‌کان بخوێنم باشتره، ته‌سه‌ورم نه‌کرد زۆریش باش بێت.

– ئاینده‌ی گه‌رمیان: ساڵی چه‌ند بووه؟

مه‌ریوان: له‌ساڵی ١٩٩٢ – ١٩٩٣ چوومه په‌یمانگای هونه‌ره‌جوانه‌کانی سلێمانی له ١٩٩٦ –١٩٩٧ ده‌رچووم.

– ئاینده‌ی گه‌رمیان: تۆ ده‌رچووی په‌یمانگای هونه‌ره‌جوانه‌کانی پێت وایه په‌یمانگا یان ئه‌کادیمیا بتوانێ به‌هره‌مه‌ند بکاته هونه‌رمه‌ند؟

مه‌ریوان: په‌یمانگا ئه‌و شوێنه‌یه که‌وا هه‌موو به‌هره‌مه‌نده‌کانی تێدا کۆده‌بێته‌وه و خه‌ڵکشی تێدایه‌و به‌هره‌مه‌ند نیه‌و حه‌زی له‌به‌هره‌که‌هه‌یه له چ به‌شێك بێت شێوه‌کار یان شانۆ یان مۆسیقا، به‌لام به‌گشتی خه‌ڵکی به‌هره‌مه‌ندی تیایه، په‌یمانگا ئه‌گه‌ر ئه‌و خوێندکاره خۆی کاته‌که‌ی به‌فیڕۆ نه‌دات جێگای ئه‌وه‌یه بتوانێ سه‌رکه‌وتووبێت له‌به‌هره‌که‌ی خۆیدا. لێره نایبینیی من خۆم وام ده‌بینی پێش په‌یمانگا زۆر باشتربووم.

– ئاینده‌ی گه‌رمیان: بۆ ؟

مه‌ریوان: له‌به‌رئه‌وه‌ی ژیانی کۆمه‌لایه‌تی ئێمه زاڵه تۆ ئه‌گه‌ر برسی بیت له‌شته کۆمه‌لایه‌تیه‌کانی ترت له‌غه‌ره‌یزه‌کانی ترت له‌ژیاندا خه‌ون به‌کۆمه‌ڵێ شتی تره‌وه ببینی داهێنان ناکه‌ی، هه‌ر که‌سێك، هه‌ر کۆمه‌ڵێك تێروته‌سه‌ل نه‌بێ له‌هه‌موو به‌شه‌کانی ژیاندا ناتوانێ گه‌شه بکات، داهێنان بکات.

کاتێك من چوومه په‌یمانگای هونه‌ره‌جوانه‌کان له‌سلێمانی وه‌زعی کوردستان به‌تایبه‌تی زۆر خراپ بوو له‌هه‌موو بواره‌کاندا له‌به‌واری کۆمه‌لایه‌تی ئابوری زۆر خراپ بوو، ئه‌مه کاریگه‌ری ئه‌کرده سه‌ر خوێندکارێکی وه‌کو من، به‌لام به‌گشتی خراب نه‌بوو بۆ من قۆناغێکی باشم بری. به‌بیرم دێ که‌چوومه په‌یمانگا له‌لامه‌وه گرنگ بوو که‌چی فێر ئه‌بم و چی وه‌رئه‌گرم له‌وێ، ئه‌مه شتێکی زۆر گرنگ بوو به‌لامه‌وه، خۆشبه‌ختانه ته‌واوم کرد له‌گه‌ڵ هاوڕێ خۆشه‌ویسته‌کانمدا له‌ساڵی ١٩٩٦ – ١٩٩٧ ئاستێکی باشم هه‌بوو له‌ناو هاوڕێکانمدا سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی من خوێندکاری ده‌ره‌وه‌ی شاربووم، من له‌گه‌رمیانه‌وه نانم ئه‌برد له‌ناو بوخچه‌یه‌کدا بۆ ئه‌وه‌ی پێی بژێم، موعاناتی ژیانم زۆربوو، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا به‌بیرم دێ مامۆستا وه‌هبی ره‌سوڵ ئه‌یووت سه‌یری سه‌عید بکه‌ن، سه‌یری مه‌ریوان بکه‌ن، سه‌یری به‌هجه‌ت بکه‌ن ئه‌وانه جێگایان نیه بخه‌ون جێگایان نیه بخوێنن پێش ئه‌که‌ون، ئه‌گه‌ر ئه‌و فشاره کۆمه‌لایه‌تی و ئابوریه نه‌بوایه له‌سه‌رمان پێموابوو باشتر ده‌بووین. که ته‌خروج ئه‌که‌ی له‌په‌یمانگا ده‌رئه‌چی ئه‌گه‌ڕێیته‌وه بۆئه‌وه‌ی که پێنج ساڵ ته‌مه‌نت و برده‌سه‌ر، خه‌ڵکی تیایه ته‌خه‌روجی کردووه‌و دواتر ده‌یزانی پێنج ساڵی ته‌مه‌نی به‌فیڕۆچووه، له به‌رئه‌وه‌ی سیسته‌می خوێندنی ئێمه بۆخۆی هه‌ڵه‌یه، من ئه‌مه‌م نه‌ئه‌زانی تا چوومه ده‌ره‌وه‌ی نیشتمان و تێکه‌ڵاویم کرد له‌گه‌ڵ هونه‌رمه‌ندان و خوێندنی ئه‌وێ بۆم ده‌رکه‌وت که پێنج ساڵ بۆ خوێندنی په‌یمانگای هونه‌ره جوانه‌کان زۆره، بته‌وێ که‌سێك په‌ره‌وه‌رده بکه‌ی و ته‌مه‌نی به‌فیڕۆ بچێ ته‌مه‌نی دوو ساڵ به‌سه بۆ ئه‌و دووساڵه چونکه ئه‌وه‌ی لێره به پێنج ساڵ فێری ئه‌بی له‌وێ به‌دووساڵ فێرئه‌بی.

–ئاینده‌ی گه‌رمیان: دوای ده‌رچوونت له‌په‌یمانگا ستایلێکی تایبه‌تت به‌خۆت هه‌ڵبژارد یان خۆت قوتابخانه‌و ڕێبازی هونه‌ریه‌کانت دۆزیه‌وه له‌کارکردن؟

له‌هونه‌رمه‌ندێکی ئه‌ورووپیم پرسی له‌وێ بۆچی دائیمه خه‌م ئه‌خۆی بێتاقه‌تی ؟ وتی من بێتاقه‌تی ئه‌وه‌م هیچم نیه پێی بێتاقه‌ت بم.

مه‌ریوان: هه‌تاوه‌کو په‌یمانگا ته‌واو نه‌که‌ی جێگای فێربوونه، جێگای ئه‌وه‌نیه ستایل بدۆزمه‌وه، قۆناغی دوای په‌یمانگا ئه‌وه زۆر بوو بۆئه‌وه‌ی ئه‌وکاته، له‌وون بونێکدا ئه‌مێنێته‌وه چونکه ٣ساڵ هه‌رهه‌مان شت ئه‌خوێنێ وای له‌من کرد دوای په‌یمانگاش به‌دوای ستایلدا نه‌گه‌راوم و ئه‌وشته‌ی له‌ناو منداڵ ویستویه‌تی بیکات لێ گه‌راوم ئه‌وه بۆخۆبیکات وه‌ك من وه‌ك یاسایه‌ك ئه‌بێ به‌دوای ستایلێکدا بگه‌ڕێم بۆخۆی که پ ڕئه‌بێ له‌گه‌ڕان به‌دوای شته‌کاندا له‌وێ بۆخۆت جێگیر ئه‌بێ له‌سه‌ر شتێك، ستایل به‌ته‌واوه‌تی ڕه‌تی ده‌که‌مه‌وه.

– ئاینده‌ی گه‌رمیان: که‌واته تۆ بروات به‌ستایل نیه؟ ئه‌گه‌ر ئێمه بگه‌ڕێنه‌وه بۆمێژووی هونه‌ر هه‌ر له‌چه‌رخی تاریۆنسانس ، هه‌ریه‌ك له‌و هونه‌رمه‌ندانه به‌رهه‌می باس له‌دایکبووی قۆناغێکن و له‌قۆناغێکدا هه‌ریه‌که‌وئه‌وه‌ش ستایلێکن تۆپێت وانیه هه‌ڵبژاردنی ستایل گرنگ نیه.

مه‌ریوان: لێره‌دا تێگه‌یشتنم له‌پرسیاره‌که‌ت مه‌سه‌له‌ی ستایل زۆرخراپه بۆئه‌وه‌ی که تۆ پێش بکه‌وی له‌شتێکدا ئه‌وشتانه‌ی که‌درکی پێناکه‌ی، نایان ببینی چونکه به‌دوای ستایل دا ئه‌گه‌ڕێ راسته له سه‌رده‌مه‌کانی دوای ڕێنسانس قوتابخانه هه‌بووه ئێستاش هه‌ر ماون، به‌لام ئه‌گه‌ر بچیته ده‌باره‌ی ئێره ئه‌بینی سود وه‌رئه‌گری له‌شته‌کان، سود ئه‌بینی له ستایله‌کانی تر، که‌سێك که‌تابلۆیه‌ك دروست ده‌کات ته‌نها بۆ خه‌ڵکی غه‌یره هونه‌رمه‌ند نیه چونکه هونه‌رمه‌نده‌کانیش ئه‌بینین بۆ ئه‌وانیشه زیاتر. من ئه‌مڕۆ چومه پێشانگایه‌ك له کفری زۆر شتی جوانم بینی له‌ناو خۆڵ و ته‌پ و تۆزدا، بێئه‌وه‌ی من بمه‌وێ دێته ناو خه‌ژێنه‌ی منه‌وله‌ماوه‌ی بینینیکدا شتێك له‌لای من خه‌ژن ئه‌بێ وی کرد.

– ئاینده‌ی گه‌رمیان: فه‌زای کۆمه‌لایه‌تی و ئابوری و سیاسی ئه‌وروپا جیاوازیه‌کی زۆری له‌گه‌ڵ ئێره‌دا هه‌یه، تۆتاچه‌ند سودد له‌ئه‌و ئارامایه‌ی ئه‌وروپا وه‌رگرتووه بۆداهێنان ؟

مه‌ریوان: ئه‌وان له‌وێ وه‌کو ژیانه کۆمه‌لایه‌تیه‌که ئه‌ژین هه‌موو که‌سێ ئازاده‌و ئاسوده‌یه‌و هه‌موو که‌سێکش کێشه‌ی خۆی هه‌یه، بۆیه ئه‌گه‌ر به‌راوردی بکه‌ی له‌گه‌ڵ ئێره‌دا تۆ بێبه‌شی له‌روناکی تۆ تازه چێژ له‌ته‌کنه‌لۆژیا وه‌ر ئه‌گری له‌وێ به‌سه‌ر چووه ئه‌مانه هه‌یه به‌لام له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌یشدا کێشه‌یان هه‌یه من له‌هونه‌رمه‌ندێکم پرسی له‌وێ بۆچی دائیمه خه‌م ئه‌خۆی بێتاقه‌تی ؟ له ئاستیکی باشیش ئیش ئه‌کات (که‌ڕۆکه) وتی من بێتاقه‌تی ئه‌وه‌م هیچم نیه پێی بێتاقه‌ت بم. به‌لام بۆ که‌سێکی وه‌کو ئێمه ئه‌م هه‌موو موعاناته‌مان وه‌رگرتووه ئه‌مه بۆخۆی خه‌زنه له‌وێ ئه‌که‌وێته ناو ئاسوده‌یه‌که‌یه‌وه دوای ئه‌مه بۆخۆی له ئیشه‌کاندا ڕه‌نگده‌داته‌وه ئه‌وان ئه‌مه‌یان که‌مه.

– ئاینده‌ی گه‌رمیان: تۆخۆت هه‌ستت به‌و ڕه‌نگدانه‌وه‌یه کردووه ؟، زیاتر ڕه‌خنه‌گری هونه‌ری یان بینه‌ری به‌سه‌لیقه ئه‌توانێ بریاربدات تۆ داهێنانت کردووه یانا به‌لام تۆخۆت وه‌کو مه‌ریوان تاچه‌ند هه‌ست ئه‌که‌ی له‌نێوان کوردستان و ئه‌وروپادا گۆڕانکاری و داهێنان له‌کاره‌کانته‌وه دیاره؟

مه‌ریوان: به‌ڕه‌مه‌کان له‌هه‌رکوێ بن هه‌رجوانن، هه‌ر یه‌کێکیان کاتی هونه‌رمه‌ندێکی تیا سه‌رف بووه ئه‌مه هیچ جیاوازیه‌کی ناکات ئیشی ئێره جوانه یان ئه‌وێ یان داهێنان له‌کوێ ئه‌که‌ی. به‌لام هه‌قدان به‌تابلۆکه‌و به‌که‌سێکی هونه‌رمه‌نده ئه‌مه جیاوازی هه‌یه له‌وێ خه‌ڵکه که په‌روه‌رده کراوه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی هه‌موو شتێك هه‌قی خۆی هه‌یه ئه‌مه زۆر گرنگه بۆ ؟ له‌به‌رئه‌وه‌ی که‌سێك له‌وێ له‌ناو ئه‌کادیمیای فنون ئه‌خوێنێ بۆچی به‌س ته‌نها بتوانێ ته‌نها تابلۆکه‌ی هه‌ڵبواسێ ئه‌مه پسپۆریه‌تی خۆیه‌تی. خۆ هه‌موو که‌سێك ئه‌توانێ بزمار بکرێ و تابلۆکه‌ی هه‌ڵبواسێ، بۆ له‌وێ هه‌رکه‌سه‌و ئیشی خۆی بکات بۆیه ئه‌و وڵاته سه‌رکه‌وتو . جا بۆیه پرسیاره‌که وون نه‌که‌ین لێره جیاوازیه‌که چیه ؟ تۆله‌وێ ڕێز له‌ئیشه‌که‌ت ئه‌گیرێ، پشت و په‌نات زۆرتره په‌یوه‌ندیت زۆرتره، تۆ ئه‌چیته ناو (مای سپه‌یس) ده‌وه له‌وێ دا به‌ش به‌دوای هونه‌رمه‌ندی شێوه‌کاردا بگه‌ڕێ له‌ماوه‌ی چه‌ند چرکه‌یه‌کدا وچه‌ند هونه‌رمه‌ندێکی باش ده‌بێته هاوڕێت به‌وپه‌ری سیفه‌ته‌وه که‌له‌ژیانیدا تۆی نه‌دیو، ئیشه‌کانت ئه‌بینێ ئه‌که‌وێته گفتوگۆ وڕاگۆڕینه‌وه زانیاریت پێ ئه‌دات به‌لام تۆ لێره ئه‌گه‌ر تۆبه‌منت نه‌وتایه پێشانگایه‌ك هه‌یه له‌کفری من نیو سه‌عات له‌که‌لاره‌وه له‌کفری دوورم نه‌مئه‌زانی ئه‌مه زۆر کێشه‌یه.

هه‌ستێکی وون بوو

ژاکاو – کفری

تۆ کێت ؟؟
هه‌ر ئه‌ڕۆم و پرسیار ئه‌که‌م
له‌هه‌موو ده‌رگایه‌ک ئه‌دم
پێناسه‌یه‌کی تۆم ده‌سکه‌وێ
بیکه‌م به مۆم هه‌موو شه‌وێ
تۆ کێت ؟؟
چ ئه‌ستێره‌یه‌کی بۆ ناخم
تۆ کێت بوی به سوره گوڵی باخم
بۆ وون بووی هێشتا زووه
خۆری ته‌مه‌ن ده‌رنه‌که‌وتووه
تۆ کێت ؟؟
تاکه‌ی چاوم چاوه‌ڕوان بێت.

له‌ساڵیادی شه‌هید سه‌رکه‌وت دا

مام برایم بێ شه‌نس

ئاخۆ ئه‌م کوردستانه چه‌نده‌ها مرۆڤی بوێرو قاره‌مان و تێکۆشه‌ری وه‌ك شه‌هید سه‌رکه‌تی تێدابوو بێ له‌کاتی به‌رگری کردن له‌گه‌ڵ و نیشتمان به‌ره‌نگاری هێزی دوژمن بووبێته‌وه هه‌ر چه‌نده ئه‌و هێزه‌ش هێزێکی زه‌به‌لاح بوبێ نه‌ی هێشتبێ بستێك به‌سه‌ر ئه‌و خاکه‌دا تێپه‌ڕێ و زۆر بوێرانه‌پێشی به‌داگیرکه‌ران گرتبێ ئامادەبێت تا دواهه‌ناسه به‌رگری بکات یان ئه‌وهێزه تیکبشکێنێ یان به‌سه‌رلاشه‌ی ئه‌وداتێپه‌ڕێ به‌راستی قاره‌مانیه‌تی شه‌هید سه‌رکه‌وت زۆر له‌وه گه‌وره‌تر لێره‌دا ئێمه بتوانین باسی بکه‌ین هه‌روه‌ك مامۆستا جه‌عفه‌ر ده‌ڵێت(شه‌هیدان شاهۆ وسه‌رکه‌وت وقادر خه‌بات)ئه‌وه‌نده به‌خت یاوه‌ریان نه‌بوو نوسه‌رێکی گه‌وره‌ی وه‌ك (یه‌شار که‌مال) له‌نزیکه‌وه بیاننناسی ڕۆمانێکی وه‌ك حه‌مه‌دۆکییان له‌سه‌ر بنووسێ).

ئێمه‌ش له‌ساڵیادی شه‌هید بوونیدا ئه‌م پارچه هه‌ڵبه‌سته ده‌که‌مه دیاری بۆ گیانی پاکی شه‌هیدی نه‌مر، شه‌هید سه‌رکه‌وت)

ساڵی حه‌فتاو شه‌ش له‌بناری ئاژداخ
کوڕێکی ڕه‌شید له‌حکومه‌ت قاچاخ
دایه سه‌گرمه‌و که‌ژه‌که‌ی ئاژداخ
کردیه لای شانی چه‌کی بێ قۆناخ
بن شاخ وئه‌شکه‌وت جێگه‌ی خه‌وی بوو
خه‌رقه‌ی ئێرانی لێفه‌ی شه‌وی بوو
جارجار ئه‌م بینی حاڵی ئه‌و کوڕه
سه‌رنی به‌رده وپێخه‌فی قوڕه
تاماوه‌ی چوار ساڵ ئه‌وه حاڵی بوو
چه‌کی مزه‌لی له‌سه‌ر باڵی بوو
هێزی پێشمه‌رگه که‌هاته گه‌رمیان
بووبه‌پێشمه‌رگه‌ی هه‌رێمی سیران
که‌دیقه‌تیان دا ئازاو نه‌به‌زه
یه‌کسه‌ر کردیانه ئامر مه‌فره‌زه
به‌ئامر مه‌فره‌زه شێرانه پێشکه‌وت
ناوی نه‌ێنی خۆی نابوو سه‌رکه‌وت
ڕۆژێ له‌ڕۆژان بوو به‌تاریک سان
بوو به‌ته‌مه‌مژ به‌خۆڵه‌باران
ئه‌وڕۆژه مه‌علوم ڕۆژه‌که‌ی ڕه‌ش بوو
سه‌رکه‌وت لای وه‌رزێر ته‌وزیعی که‌ژبوو
له‌لای وه‌رزیرناو ئاوی خوارد
گیانی یه‌کجاری که به‌گڵ سپارد
کاغه‌زی بۆهات له‌دوای نێوه‌ڕۆ
کاتبی بانگ کرد کاغه‌زی خوێندۆ
ئه‌ڵێن ده‌ڕاسه هاتووه بۆ دره‌و
هێزی ئه‌سکه‌ری هاتووه له‌گه‌ڵ ئه‌و
هاڵه مشکاوی مولکی شاتری
واباشه بچین ڕێگه‌یان بگری
سوارێکی سوار کرد ئازا ده‌ست به‌جێ
بۆلای کاک سامان نامه‌ی خسته‌ڕێ
که‌وه‌ختێ سامان سه‌یری نامه‌ی کرد
هات بۆلای سه‌رکه‌وت ئازا ده‌ست وبرد
پێشمه‌رگه‌کانی هه‌موو کۆکردۆ
خاس وخراپی له‌یه‌ک جیاکردۆ
وتی به‌سه‌رکه‌وت بینایی چاوم
به‌بۆ نه‌ی تۆوه ئاشقی ڕاوم
سواری ئه‌سپه‌بوو به‌ده هورزه‌نگ
له‌پێشۆ بڕۆ بۆ مه‌یدانی جه‌نگ
سواری ئه‌پ بوو به‌تاو یه‌ڵغار
ئه‌ت وت ڕۆسته‌مه ئه‌چێ بۆ شکار
که دی زیله‌کان هاتن یه‌ک دووان
یه‌ک دوو ئاربجی به ره‌وو ڕوو ته‌قان
زانی جوندیه نیه ده‌سه‌ڵاتیان
هوجمی ده‌ست پێ کرد یه‌کسه‌ر بۆ ناویان
مزه‌لی له‌شان ڕوومانه له‌قه‌گ
شه‌ڕی دامه‌زراند له‌ده‌شت خاڵه‌به‌گ
ده‌ستی ئه‌کێشا بۆ هه‌رجوندیه
سه‌یره‌کا مردووه وڕۆحی تیانیه
قائید جیهازی کرد یه‌کسه‌ر بۆ مه‌یدان
چوار ده‌وری گرتوون پێشمه‌رگه‌ی سامان
که‌وتووته ناومان خۆ سه‌رکه‌وت ناوێ
هێزی ئه‌سکه‌ری لایه‌قی ناوێ
دووسێ تۆپ هه‌ڵکه‌ن هه‌ربۆ موهیمات
به‌ڵکو پێشمه‌رگه چوار ده‌ورمان چۆڵ کات
له‌دوای شه‌ڕه‌که نقیبێ زامار
ده‌ستی بۆ سه‌رکه‌ت ئازا هاته کار
ده‌سی ڕاکێشا به‌قاروو به‌قین
لاشه‌ی سه‌رکه‌وتی خسته سه‌رزه‌مین
پێشمه‌رگه که‌دیان که سه‌رکه‌وت کوژا
هه‌موو له‌داخا ئه‌ژنۆیان شکا
لاشه‌که‌ی جێما سه‌ر که‌وتی بێ که‌س
خستیانه ئیفا یه‌کسه‌ر بۆ مه‌رکه‌ز
جارچی جاڕی دا له‌کوچه‌و حه‌سار
لاشه‌یه‌که‌وتووه له‌کۆڵان وشار
ناسراوی سه‌رکه‌وت ئه‌سلی عه‌لیه
له‌کوردستانا له‌وێنه‌ی نیه
پاڵه‌وانێکه له‌نه‌وعی که‌مه
ڕه‌شید وئازا وێنه‌ی ڕۆسته‌مه
به‌گوللەی دوژمن داویه له‌توێڵی
عالەم سه‌رسامه له‌سه‌رسوێڵی
کاک سه‌رکه‌وت هه‌سته ئه‌م خه‌وه چیه
پێشمه‌رگه ڕۆی سه‌روه‌کیان نیه
پاڵه‌وانه‌که‌ی که‌ژ وکێوم ڕۆ
سه‌رکه‌وتی هه‌ژار بێ ساحێبم ڕۆ
شۆڕشگێڕکه‌ی نیشتمانم ڕۆ
تێکۆشه‌ره‌که‌ی گه‌رمیانم ڕۆ

تێبینی: خوێنه‌ری به‌ڕێز هه‌رووشه‌یه‌کی ڕێزمانی نه‌بێ یان هه‌رکه‌م کورتیه‌کی هه‌بێ ئه‌بێ ببوورن ،چونکه شاعیر نه‌خوێنده‌واروه به‌زمانێکی ساده نوسراوه.